دکتور سا لح ئیبر اهیمی



## سوورەی موزەمیل ٢٠ ئایەتە

**سوورەی موزەمیل لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ٢٠ ئایەتە**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵلاوێن.

ئەی جلک لە خۆ پێچاو ﴿١﴾ زۆربەی شەو (بۆ عیبادەت کردن) هەڵسە، مەگەر کەمێک (کە بخەوی) ﴿٢﴾ نیوەی لە شەو یا کەمێ لەو کەم بکەوە ﴿٣﴾ یا لێی زیاد بکە و بە ژمارە و رێکوپێک و بە لەسەرەخۆیی و بە رەوان قورئان بخوێنە ﴿٤﴾ بەم زووانە ئێمە وتاری گرانت دەخەینە سەر ﴿٥﴾ شەو لە نیو پێخەف رابوون سەختترە و بۆ رامان جێدارتر و بۆ وتار و خوێندنی (ئایات) لەبارتر و پتەوترە (کە باش قورئان بخوێنی) ﴿٦﴾ لە رۆژیشدا مەودای هاتوچۆ درێژە و بۆ تۆ کار زۆرە ﴿٧﴾ ناوی پەروەرێنەرت بێنە و (بۆ لای ئەو) لە هەموو شتێ ببرە ﴿٨﴾ پەروەرێنەری خۆرهەڵات و خۆرئاوایە، کە بێجگە لەو مەعبوودێ‌تر نییە، ئەو بگرە بە بریکار و وەکیل و پشتیوان ﴿٩﴾ لە راست ئەوەی ئەوان (دۆژمنان) دەیڵێن بەتابشت بە، بە جۆرێکی جوان دوورییان لێ‌بکە ﴿١٠﴾ بە درۆخەرەوانی خاوەن ماڵ، بە من بسپێرە، ئەوانە کەمێ مۆڵەت بدە ﴿١١﴾ لای ئێمە کۆت و زنجیر و (ئاگری) دۆژەهـ هەیە ﴿١٢﴾ خۆراکی گەرووگر و عەزابی دەردناک هەیە ﴿١٣﴾ رۆژێ کە زەوی و کێوەکان دەکەونە لەرزە و کێوەکان دەهەژێن (وەها ورد دەبن) دەبنە تەپۆڵکەیەک لە رەملی خزۆک ﴿١٤﴾ پێغەمبەرێکمان بۆتان کل کرد و نارده لاتان کە لەسەر کردەوەتان شایەدە، هەر بەو جۆرەی کە پێغەمبەرێکمان نارده لای فیرعەون ﴿١٥﴾ فیرعەون نافەرمانی ئەو پێغەمبەرەی کرد، ئێمەیش بە تۆندی و بە ئازاری بەژان ئەومان گرت ﴿١٦﴾ ئەگەر کافر بن، چلۆن خۆتان (لە عەزابی خوا) دەپارێزن، لە رۆژێکدا کە منداڵان پیر دەکا؟! ﴿١٧﴾ لەو رۆژەدا ئاسمان لەت ئەبێ، بەڵێنی خوا دێتەدی ﴿١٨﴾ ئەمە یاداوەری و ئامۆژگارییەکە، هەرکەس کە بیەوێ رێگایەک بۆ لای خوا دەگرێتە بەر ﴿١٩﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

پەروەریێنەرت ئەزانێ کە تۆ کەمتر لە نێزیک بە دوو بەشی ئەو شەوگارە و نیوەیێ و سێیەکیشی بۆ شەونوێژان لەگەڵ تاقمێ کە لەگەڵ تۆن، هەڵدەستنەوە، خوایە کە ئەندازەی شەو و رۆژ دیاری دەکا و زانی کە (ئێوە) قەت ناتوانن ئەوە بژمێرن، جا ئێوەی بەخشی، جا لە قورئان هەرچیتان بۆ دەگونجێ بیخوێنن، (خوا) زانی کە لە دواییدا تاقمێ لە ئێوە نەخۆش ئەکەون و تاقمێتر بۆ بەدەسهێنانی بژیوێ کە خودا بیدا بە ولاتا بلاو دەبنەوە و تاقمێ تریش ئەچنە خەزا و جەنگ لە رێگای خوا، تا ئەو رادەی بۆت دەلوێ و دەرەخسێ و بووز دەخوا و ئەگونجێ قورئان بخوێننەوە و نوێژ بەجێبێنن و زەکات بدەن و ماڵی خۆتان بەدەستەوا و بە دەستەواوێکی پەسەند بدەن و هەر پێشبارێ بەرێ بکەن باشترەکەی لای خودا پێتان دەگاتەوە وێرای پاداشی گەورەتر، لە خوا داوای لێبوردن بکەن، خوا لێبور و فرە دڵاوێنە ﴿٢٠﴾

## سوورِەی موددەسیر ٥٤ ئایەتە

### سوورِەی موددەسیر لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ۵۴ ئایەتە

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵاوێن.

ئەی لە نێو جلک و پێخەفدا ئارام گرتوو (:لە کراس پێچراو) ﴿١﴾ راپەرە، (خەڵک لە جەزرەبە و عەزابی خوا) بترسێنە ﴿٢﴾ تەنیا گەورەیی پەروەریێنەرت بڵێ ﴿٣﴾ جلکت بە پاکی رابگرە ﴿۴﴾ لە ناپاکی و پیسی خۆ دوور بگرە ﴿۵﴾ ئەوەندە مەبەخشە کە پێت وا بێ بۆش و فرەس و زیادت بەخشیوە ﴿۶﴾ لەبەر خاتری پەروەریێنەرت خۆراگرە و تابشت بێنە ﴿٧﴾ هەرکاتێکیش لە کەڵەشاخ دەمێندرا ﴿٨﴾ ئەو رۆژە، رۆژێکی تووش و سەختە ﴿٩﴾ بۆ بێدینان نە ئاسانە ﴿١٠﴾ لەگەڵ ئەو کەسەی کە بە تەنیا خۆم بەدیم هێناوە، لێمگەرێ ﴿١١﴾ ئەو کەسەی کە بۆ ئەو ماڵێکی زۆرم پێداوە ﴿١٢﴾ چەن کورێکیش کە ئاگاداری لێدەکەن ﴿١٣﴾ هۆی ژیانی ئەوم لە هەر بار و بابەتێکەوە بۆ ئامادە کردووە و هەموو کارێکم بۆ رێک خستووە ﴿١۴﴾ لە پاشانیش ئارەزوویەتی بۆی زیاتر بکەم ﴿١۵﴾ هەرگیز (بۆی زیاد ناکەم)، چون ئەو (وەلید) دژی نیشانەکانی ئێمەیە ﴿١۶﴾ بە زوویی تووشی ئازارێ وای دەکەم پێی هەڵبچێ ﴿١٧﴾